**له ئەڵمانیا:**

**کۆنفرەنسی ئەنفال بە چەندین دیدارو کۆبوونەوە و چاوپێکەوتن کۆتایی هات**

* **هەردو ژنە کەسوکار ئەنفالکراو شازادەو بەناز** بە گێڕانەوەی مەرگەساتی ئەنفال وێژدانی بەشداربوانیان هەژاند

* بەرپرسی لیژنەی جیهانی ژنانی زیندانی سەردەمی نازیەکان Simons Gourny گوێبیستی مەرگەساتی ئەنفالەکان بوو.

* لەوەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا بە شاندی پاشماوەی ئەنفالەکانیان ووت .. ئەڵمانیا ئۆفیسێك لە هەولێر دەکاتەوەو دووبنکەی چارەسەری دەروونیش لە هەریەك لە سلێمانی هەولێر دادەمەزرێنێ و بەرپرسی بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دۆسیەی عیراق هیوای خواست لە ئایندەدا سەردانی عیراق بکات.

* وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا چاوەڕوانی دیزاینی مۆنۆمێنتی ئەنفال دەکات و ئامادەیە داواکاری ژنانی پاشماوەی ئەنفالەکان بۆ ئەو مۆنۆمێنتە جێبەجێ بکات.

* ژنانی پاشماوەی ئەنفال بەشداریان لە ساڵڕۆژی ئازادکردنی ژنانی جیهانی زیندانی بووی کەمپی بەرلینی نازیەکاندا کرد.

*بەڕێوەبەری مۆنۆمێنتی ژنانی جیهانی زیندانی سەردەمی نازیەت لە مەراسیمەکەدا وتی: ئەمرۆ میوانی کوردستان و پاشماوەی ئەنفالەکانمان هەیە.

* گێڕانەوەی بەسەرهاتی ڕاستەقینەی ئەنفال لە نێوان حەپەسان و شۆك و گریان و هەژاندا.

* پەرلەمانتار گوڵاڵە عەزیز لە بەردەم دەیان ڕێکخراوی ئەڵمانی و وەزارەتی دەرەوەدا: وەزارەتی ئەنفال وشەهیدانمان هەیە ، چەندین پرۆژە لە ئێستاو ئایندەدا بۆ ئەنفال کاری جدی لەسەر دەکرێ داوای هاوکاری ئەڵمانیای کرد.



بەرپرسی لیژنەی جیهانی زیندانیانی ژنانی سەردەمی نازیەت Simons Gourny لەگەڵ پاشماوەی ئەنفالەکان




دیمەنێك لە کۆنفرەنسی ئەنفال

pukmedia/ ئەڵمانیا – شەهاب عوسمان:

لە نێوان ڕۆژانی ١٧-٢١ /ی ئەپریل لە بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا کۆنفرەنسی ئەنفال و لەگەڵیشیدا بە پێی بەرنامەیەکی پێش وەختی هەرسێ ڕێکخراوی ئەڵمانی ( HAWKARI e.V. و ZMO Zentraum Modermer Orient و DAVO Deutsche Arbeitsgemeinschaft

Vorderer ) چەندین دیدارو کۆبوونەوەو سەردان بۆ هەردوو ژنی چالاکی کورد گوڵناز عەزیز ئەندامی پەرلەمانی کوردستان و ئەندامی لیژنەی مافی مرۆڤ وکەیسی ئەنفال و شازادە حسێن لێپرسراوی کۆمیتەی ژنانی رزگاری (گەرمیان) کەس وکار ئەنفالکراو بەڕێوە چوو سەرەتا karin Mlodoch ئەندامی سەرکردایەتی ڕێکخراوی هاوکاری لە وتەیەکدا باسی لە پرۆسەی تاوانی ئەنفال کردوو .. لە کۆنفرانسەکەدا چەندین ئەکادیمی و خەڵکانی شارەزاو پسپۆڕ و چەندین ڕێکخراوی ئەڵمانی و نوێنەرانی حزب و ڕێکخراوە کوردیەکان ئامادەبوون و گوێ بیستی مەرگەساتی ئەنفال بوون..

نیوەڕۆی ١٧ / ٤ دوای ئەوەی کە کۆبوونەوەیەکی ئامادە باشی بۆ کۆنفرانسەکە کرا ئێوارەی هەمان رۆژ کارەکانی کۆنفرانس دوای خوێندنەوەی وتارێك کە بە ناوی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە پێشکەش کرا بەرنامەکەی بەڕێوەچوو.. بەدوایدا فلمێکی دیکۆمێنتی لەسەر ژیانی پاشماوەی ئەنفالەکان کە ڕێکخراوی هاوکاری ساڵی ٢٠٠٥ لە کوردستان بە کامێرای مام پۆڵا وێنەی گرتبوو پیشاندرا. دواتر بە وتەیەکی شازادە حسێن بەرپرسی کۆمیتەی ژنانی گەرمیان، ژنی ئەنفالکراو کۆنفرانسەکە دەستی پێکرد..شازادە وەك لە ژیان و بەسەر هاتی خۆیدا باسی کرد لە ساڵی ١٩٧٧ وە دەستی بەکاری سیاسی کردووە، پێش ئەنفال لەساڵی ١٩٧٩ –ساڵی ١٩٨٢ لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە لەسەر(ئەحمەد دوانزە ئیمام) ی برای کە تا شەهید نەبووە لە زیندانی نوگرەسەلمان ڕژێم ئەمانی ئازاد نە کردوو زیندانی بووە!! شازادە پانۆرامای مەرگەساتی ئەنفال و گرتنی بەکۆمەڵ و چەندین دیمەنی سەرنج ڕاکێشەری لە زیندانەکانی تۆپزاوەو نوگرە سەلمان و ڕۆمانی جیاکردنەوەی ژن و منداڵ و پیرو ژنانی باس کردوو چەندین دیمەنی دڵتەزێن و ڕەفتاری نامرۆڤانەی فاشیەکانی خستە روو بەجۆریك کە ویژدانی ئامادەبوانی جوڵاند و فرمێسکی لەچاوانا پێ قەتیس کردن.. شازادە لە گێڕانەوەی یەکێك لەو دیمەنانەدا وتی..لە نوگرە سەلمان ڕۆژیك تەنکەرێك ئاویان هێنا بۆ خۆشتن ئێمە زۆر زۆر بووین ،کە ماوەیان دا بەکاری بێنین زۆرێك لە ژن و منداڵ تێی وروکان و لە تینوان لێشیان خواردەوە.. ئەوانەی کە لەو ئاوەیان خواردەوە ئەو ڕۆژە ٢٠٠ کەس مردن و لاشەکانیان تا سێ ڕۆژ لەبەر هەتاو مانەوە !!پاشان سەگیان تی بەردان وتیشی من خۆم بەچاوی خۆم دەستی منداڵم لەناو دەمی سەگا بینی...!! دواتریش جۆرەها نەخۆشی وەك سکچوون و ڕشانەوەو برین لەناوماندا بڵاو بووەوە شازادە لە گێڕانەوەی دیمەنێکی دڵتەزێنی تردا وتی..ژنێك کە ناوی (مەعسومە) بوو دوو منداڵی پێ بوو منداڵێکیان مرد هاواریکرد بۆ پاسەوانەکان تا بچن بەفریایەوە بەڵام ئەوان منداڵەکەی تریشیان لێ سەندو فڕێیان دا دایکەکەشیان هەر بە فەقیانەکەی خۆی بە پەنجەرەکەوە بەستەوە تا منداڵەکە ڕۆحی دەرنەچوو دەستی دایکەکەیان نەکردەوە!! ئەوەشی وت لە بێ ئاوی و بێ جلی دا گیانمان دیارو کەسەمونیشیان بۆ دەهێنایین پیسایی سەگ و پشیلەی پێوە بوو کە تائێستا پاشماوەی ئەنفال کاریگەری ئەو پیسایی و میکرۆبانەی بەسەرەوەیەو توشی چەندین نەخۆشی سەرەتان و نەخۆشی دەروونی و برین بوون، شازادە یەکێك بووە لەو ژنە مێرد و کەس وکار ئەنفال کراوانەی کە شکاتی لە سەدام حسێن کردووەو لە دادگایکردنەکەشیدا بەشدار بووە لە بەشێکی قسەکانیدا ئەوەشی بۆ ئامادەبوانی کۆنفرەنسەکە ڕونکردەوە کە تاساڵی ١٩٩١ هەر لە دڵە ڕاوکێ و ترس و لەرزا بووین و تیشی تا ١٩٩٣ ئومێدی گەڕانەوەی بێ سەروشوێنەکانمان هەبوو بەڵام لە ٢٠٠٤ دا کە گۆڕە بەکۆمەڵەکان هەڵدرانەوە ئیتر دڵنیا بووین کە نەماون و ئەنفالکراون.. لە بەشێکی تری

قسەکانیدا باسی لە خۆڕاگری ژنی کورد کرد کە دوای ئەنفال لەو بارودۆخە ناهەموارەدا چۆن دەوری باوك و دایکی بینیوەو منداڵەکانیان خستۆتە بەر خوێندن و خۆشیان کاریان کردووەو بژێوی ڕۆژانەیان بەدەست هێناوە باسی لەوەش کرد کە ئێستا ژمارەیەکی زۆری پاشماوەی ئەنفال لە زانکۆکانی کوردستانا دەخوێنن و لە هەموو مەیدانەکانی ژیانا چالاکی دەنوێنن..شازادە گلەیی لەوە کرد کە نەدەبوایە بەتەنیا لەسەر کەیسی دوجەیل سەدام لەسێدارە بدرابایە دەبوایە پەلە نەکرایە تا کەیسی ئەنفال و هەڵەبجەش تەواو دەبوو.. پاشان پەرلەمانتار گوڵناز عەزیز – (گولاڵە) ئەندامی لیژنەی مافی مرۆڤ و کەیسی ئەنفال یەکێك لەو ژنەکوردانەی کە بەشداری لە دادگایی عەلی حسن مەجید کیمیاوی دا کردبوو باسی لە ژینگەی کوردستان کرد، باسی لە ئازایەتی پاشماوەی ئەنفالکراوەکان کرد کە چۆن خۆیان بنیاتناوەتەوەو ئەوەشی ڕونکردەوە کە پاشماوەکانی ئەنفال بەتایبەتی ژنان وەرچەرخانێکی گرنگ لە ژیانیانا ڕویدا و لەپال کارکردن دا توانیان سەربەرزانە منداڵەکانیان پەروەردەبکەن و بیان خەنە بەر خوێندن، باسی لە گەورەیی ژنی کورد کرد کە بەدەم ئەو ئازارانەوە توانیویێتی هەموو کارێك بکات و بوونی خۆی بسەلمێنێ.. لە تەوەرێکی تری قسەکانیدا گوڵناز ووتی .. ئێستا یەك یاسامان هەیە بۆ شەهیدان و ئەنفال .. وەزارەتی ئەنفال و شەهیدانمان هەیە، لەبەر ڕۆشنایی ئەو یاسایانەدا موچە و زەوی بۆ ئەنفالەکان دابین دەکرێت، چەندین پرۆژەی نیشتەجێ بوون و خانووبەرە بەڕێوەیەو هەندێکی لە واری جێبەجیکردندایە.. گوڵناز چەندین ئامارەی دا بە گرفت و کێشە کۆمەڵایەتی و شەرعیەکانی ژنانی پاشماوەی ئەنفال و بەچەند نمونەیەکی پڕ تراژیدیا دڵ و هەستی ئامادەبوانی هەژاند.. بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە قەرەبووکردنەوەی ئەنفال و پاشماوەکانیانی خستە ئەستۆی حکومەتی عیراقی و بەجینۆساید ناساندنی ئەو تاوانەش کە بەرامبەر بە کوردو تورکمان و عەرەب و پێکهاتەکانی تر کرا لە لایەن پەرلەمانی عیراقەوە بە هەنگاوێکی باش وەسفکردو هەمانکات داوای لە حکومەتی ئەڵمانیاش کرد کە سزای ئەو کۆمپانیایانە بدات کە بەشداریان کردوە لە پڕچەککردنی سەدام و قەرەبووی پاشماوەکانی ئەنفال بکاتەوەو لەسەر بنەماکانی مافی مرۆڤ پشتگیری لە پرۆسەی ئازادی و دیموکراسی کوردستان بکەن.

* پاشان دکتۆرە چۆمان هەردی بەزمانی ئینگلیزی بە پشت بەستن بە چەندین سەرچاوەی ئینگلیزی باسی لە مەرگەساتەکە کردوو ڕاشی گەیاند کە ئەو خۆی مەیدانی لە گەڵ ژمارەیەکی زۆری پاشماوەی ئەنفالەکان دیداری کردووەو لە ئێش و ئازارەکانیان تێ گەیشتووە باسی لە لایەنی دەروونی هەزاران ژنی ئەنفالکراو کرد کە لەبەر شەرم و چوارچێوە عەشایری و ئیلتیزامەکانی بە منداڵەوە پێی شەرمە باسی شوکردن بکات.. چۆمان لە درێژەی قسەکانیدا کاتێ باسی ئەنفالی گەرمیان کرا بە پشت بەستن بە سەرچاوەیەکی ئینگلیزی گێڕایەوە.. چوار خوشك و برا کە یەکێکیان ١٤ ساڵ دەبێ دوانیان لە حەوشەکەدا دەبن و ١٤ ساڵەکەو برایەکی لە ژوورەوە خۆیان دەشارنەوە جاشێك دەچێتە ژوورەوە و پێیان دەڵێ خۆتان بشارنەوە من قسەناکەم بەڵام ئەوانەی ژوورەوە کە دەبینن براکەی تریان لە پاسێکدایەو خەریکن دەیبەن ئەمانیش دەزریکێنن و ئیدی ئەوانیش دەبەن وتیشی ئێستاتەنیا کچەکە ماوە و توشی نەخۆشی دەرونی بووە!! دیمەنێکی تری گێڕایەوە وتی لە زیندان ژنێك منداڵەکەی بەخەیار دەمرێ ئەو دایکە ئێستا کە بۆنی خەیاری بەسەردا بچێ تێك دەچێ!

* دیڤید لە ئیرلەندەوە لە ڕێکخراوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ڕەخنەی لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی گرت کە ئەم مەرگەساتەیان بەڕەسمی وەك جینۆساید نە ناساندووە لەمیانەی

قسەکانیدا وتی ئەوەی لە ئێرلەندە روویدا توانیمان بە ٣٠ساڵ دایمەزرێنینەوە واتە ئێمە دەتوانین ئەزموونی خۆمان پێشکەش بە عیراق بکەین.
* ڕۆژی ٤/١٨ هەردوو ژنی کەسوکار ئەنفالکراوو ئەندام پەرلەمانی کوردستان سەردانی مۆزەخانەی هەواڵگری ئەرشیفی حکومەتی ڕۆژهەڵاتی ئەڵمانیای جارانیان کرد هەمان کات شاندێکی عیراقیش لەوێ بوون وبەشەکانیان بەسەر کردەوە، لەو مۆزەخانەیەدا مەلەفێکی گەورەی عێراقی تیدایە، دیکۆمینتەکانی سالانی ١٩٥٠ – ١٩٨٢ ی تیدایە شاندی کوردی داوایان کرد چی لەسەر عێراق و کورد هەیە تا سودی لێ ببینن بەڕیوەبەرێتی مۆزەخانەکە پێی وتن دەکرێت لە ئایندەدا خەڵکی پسپۆڕو لێکۆڵەرەوە بێت و سودی لێ ببینێ.
* شاندی میوان ڕۆژی ٤/١٨ کە پێکهاتبوو لە شازادە حسێن و گوڵناز عەزیز بەهاوڕێیەتی کارین ملۆدۆخ سەردانی وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیایان کردوو لە لایەن بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە بە گەرمی پێشوازیان لێکرا نوێنەری وەزارەتی دەرەوەهیوای خواست کە لە ئایندەداسەردانی عێراق بکات و چاوی بە بەرپرسانی بکەوێت بچێتە هەولێرو سلێمانی ، ئەمانیش بە خۆشحاڵیەوە میواندرایان کرد بۆ پەرلەمانی کوردستان لە دیدارەکەدا بە هەردوو میوانی بەشداربووی کۆنفرانسی ئەنفالی ڕاگەیاند کە وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا ئۆفیسێك لە هەولێر دەکاتەوە،هەروەها ئەوەشی وت کە وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا دوو سەنتەری چارەسەری نەخۆشیە دەروونیەکان لەسلێمانی و هەولێر دەکاتەوە.. سەبارەت بە پرۆژەکانی ئەڵمانیا لە عێراق ڕایگەیاند کە ئەوان پێشتر پرۆژەیان هەبووە لە عیراق بەڵام بەهۆی بارودۆخەکەوە ڕایان گرتووە وتیشی ئێستا هەوڵ ئەدەین لە کوردستان ئەو پرۆژانە درێژە پێ بدەین و بودجەیان بۆ دابین بکەین..لە کۆتای دیدارەکەدا شازادە چەند داواکاریەکی خستە بەردەمیان لەوانە داوایکرد ئەڵمانیا هاوکاری:
* کوردو پاشماوەی ئەنفالەکان بکات:
* لە هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکاندا.
* لە دروستکردنی مۆنۆمێنتێکی گەورە بۆ ئەنفالەکان.
* دروستکردنی نەخۆشخانەیەك بۆ ئەنفالەکان.
* چارەسەری ئەو نەخۆشانەی کە لە کوردستان و عێراق چارەسەریان سەختە.
لە بەرامبەردا نوێنەری وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا بەڵێنی هاوکاری و هەماهەنگی پێدان.
* داوای کرد لە گەڕانەوەدا دیزاینێك بۆ ئەنفال ئامادە بکەن و پێشکەشی بکەن.
هەمان ڕۆژ سەردانی پەرلەمانی ئەڵمانیایان کردوو ئەندامێکی فراکسیۆنی پارتی سەوزەکان پێشوازی لێکردن..
ڕۆژی ٢٠/ ٤ سەردانی مۆنۆمێنتی ژنانی زیندانی سەردەمی نازیەکانیان کرد کە لەو ڕۆژەدا سالانە یادی ئازادکردنی ژنانی زیندانیکراو دەکرێتەوە پێویستی وەبیر هێنانەوەیە کە لەو کەمپەداسالانی ١٩٣١ – ١٩٤٥ زیاتر لە١٣٢ هەزار ژنی ولاتانی جیاجیای وەك ئەڵمانیاو پۆڵۆنیاو فەرەنساو نەمساو یۆنانستان وئیسپانیا زیندانی کرابوون، پێویستە بوترێت کە جگەلەوەی وەك ناو.. بەناوی نوێنەری ئەنفالەکانی کوردستانیشەوە بەخێرهاتنی گەرم کران و شوێنیشیان بۆ دیاریکردبوون ،بەڕیوەبەری مۆنۆمینتەکە وتی ئەمرۆ میوانی کوردستان و پاشماوەی ئەنفال مان هەیە. ئەو ڕۆژە لە زۆربەی ولاتانی جیهانەوە زیندانە سیاسیەکانی ئەو سەردەمە کە هەموو پیر بوون بەشداری ساڵیادی ئازادکردنیان کردبوو بە مۆسیقاو گوڵ سەردانی مۆنۆمینتەکەیان کردبوو.. شایانی باسە لەو ڕۆژەدا بەرپرسی کۆمیتەی زیندانیە

سیاسیەکانی جیهانی ئەو سەردەمە و کەمپی سەردەمی نازیەکان Simone Gournay کە ژنێکی فەرەنسیەو لەتەمەنی ١٦ساڵیەوە پێشمەرگە بووە لە فەرەنسای سەردەمی شۆڕش دا و ئێستا لەسەر عەرەبانەیە و بەشداری لەو ساڵیادەدا کردبوو دەرفەتی خوڵقاند بۆ دیداریك لەگەڵ هەردوو ژنە کەس وکار ئەنفالکراوی کورد شازادەو گوڵناز و داوای لێکردن باسی کوردستان و ئەنفالی بۆ بکەن پێویستە ئەوەش بوترێ ئەو مۆنۆمینتەی کە لە بەرلین بنیاتنراوە بەیەکێك لە یادگاریەکانی مەرگەساتی ئەو سەردەمە ناسراوە ئەم ژنە لەکاتی خۆیدا کاری بۆ دروستکردنی کردووە.

*ڕۆژی ٢١/ ٤ لە دواین ڕۆژی پرۆگرام و دیدارەکانیانداو لەسەر ڕێگەی گەڕانەوە بۆ کوردستان هەردوو ژنە کەس و کار ئەنفالکراو لە میوانداریێتی ڕێکخراوی میدیکۆ ئینتەر ناشناڵ و هاوکاریدا لەشاری فرانکفۆرت لەگەڵ ئەندامانی ئەو دوو ڕێکخراوە کۆبوونەوە هەردوکیان باسیان لەوە کرد کە ئەنفال هەر تیاچوونی جەستەو مرۆڤەکانی نەبوو شازادە ووتی هەرماڵێکی ئەنفالکراو لەکاتی خۆیدا خاوەنی مەڕوو ماڵات و باخ و داهات بوو ئەنفال ئابوریشی ئەنفال کردین و ئێستاش نەهاتوینەتەوە سەر خۆمان و پێداویستی لەدەرەوە دینینین. میدیکۆ ئینتەر ناشناڵ و ڕێکخراوی هاوکاری یش بەڵێنیان دا ئەوان للە کۆمەك و هاوکاریان درێغی نەکەن.. شایانی باسە پەرلەمانتار گوڵناز عەزیز و شازادە حسێن لە میانەی ئەگەشتەیاندا چەندین CD یان لەسەر ئەنفالەکان دابەش کردبوو توانیان لەمیانەی ئەو میوانداریێتیەی کۆنفرانسی ئەنفالەکاندا پرۆسەی ئەنفال وەك مێژوو بەسەرهاتی ڕاستەقینە لە ویژدانی بەشداربوان و دیدارو چاوپێکەوتنەکاندا بەرجەستە بکەن و لە پرۆژە خزمەتگوزاریەکانی حکومەت و یاساو پرۆژەکانی چاککردنی باری ژیانی پاشماوەکانی ئەنفال و ژیان و گوزەرانیان بە باشی بدوێن. کۆنفرەنسەکە بە هەرسێ زمانی کوردی و ئەڵمانی و ئینگلیزی لە ڕێگەی هیتفۆنەوە وەردەگێڕرا، لە پەیوەندیەکی تەلەفۆنیدا ڕۆژی٤/٢٢ karin mlodoch لە ڕێکخراوی هاوکاری ئەڵمانی کە هاوڕێیەتی دەکردن و بەڕێوەبەری گەشت و دیدارو چاوپیکەوتنەکانیان بوو ستایشی سەردانەکەیانی کردوو بەگرنگ و سەرکرەوتووی وەسف کرد بە سوپاسیشەوە هەریەك لە کارین ملۆدۆخ و پەیمان عەبدولا لە ئامادەکردنی ئەم ڕیپۆرتاژەدا هاوکارمان بوون.

**ڕیپۆرتاژی وێنەیی کۆنفرەنسی ئەنفال لە بەرلین هاوکات دیدارو چاوپیکەتتن.**

ڕۆژانی ١٧-٢١/ ئەپریلی ٢٠٠٨ بەرلین- فرانکفۆرت






کارین ملۆدۆخ (ڕێکخرواى هاوکارى ئەڵمانى) و دکتۆرە چۆمان هەردى و شازادە بەرپرسى کۆمیتەى ژنانى گەرمیان










کارین و گوڵاڵە و ژنانی تاراوگە



پەرلەمانتار گوڵاڵە.. گوڵ لەسەر مۆنۆمینتی ژنان دادەنێ



بۆرێزلێنانی قوربانیانی ژنان گوڵ دەخەنە ئاوەوە



سیمۆنس گۆیرنی گەورە زیندانیانی ئەو سەردەمە و گوڵنازو شازادە





This document was created with Win2PDF available at http://www.win2pdf.com.
The unregistered version of Win2PDF is for evaluation or non-commercial use only.
This page will not be added after purchasing Win2PDF.